پ.د. ئیدریس عەبدوڵڵا

# دار تووەکەی بەرماڵان

کورتە چیرۆکی منداڵان

2004

# ئاواتە پیرۆزەکان

لە یەکەم وانەی سەرەتای ساڵدا، مامۆستا ئەحمەد ڕووی پرسیاری لە قوتابییەکانی کرد، لێی پرسین:

ـ هەر یەکەتان باس لەو ئاواتەتان بکەن، کە لە پێناویدا دەخوێنن.

ئازاد گوتی: دەمەوێ کۆلێژی ئاین بخوێنم، تا ببمە زانایەکی گەورە، بەم هۆیەوە خزمەت بە گەلْ و وڵاتەکەم بکەم.

سروە گوتی: دەمەوێ بچمە کۆلێژی پزیشکی، تا ببمە پزیشکێکی پسپۆڕ، خزمەت بە ژنانی میللەتەکەم بکەم.

ئازیز گوتی: حەز دەکەم ببمە مامۆستای کوردی، تا زمان و ئەدەبی میللەتەکەم بۆ نەوەی نوێ ڕوون بکەمەوە.

عەلی گوتی: حەز دەکەم سیاسەت بخوێنم، تا زانستیانە سیاسەت بکەم.

هەڵۆ گوتی: حەز دەکەم ببمە ئەندازیارێکی لێهاتوو، شارو گوندو شارۆچکەکانمان ئاوەدان بکەمەوە.

سارا گوتی: حەز دەکەم ببمە مێژوونووس، تا مێژووی گەلەکەمان لە شێوان و ناتەواوی ڕزگار بکەم.

ڕزگار گوتی: دەمەوێ کۆلێژی سەربازی بخوێنم، تا وڵاتەکەم لە هەڕەشەی دوژمنان بپارێزم.

وشیار گوتی: حەز دەکەم بچمە کۆلێژی پۆلیس، تا ئاسایشی وڵاتەکەم زامن بکەم.

مامۆستا ئەحمەد گوتی: ئەم ئاواتانەتان هەموویان پیرۆزن، هەموویان بۆ گەل و وڵاتەکەمان پڕ سوودن، بۆیە ئێوە جێی شانازین، لە خوای میهرەبان داواکارم، هەمووتان بە ئاوات بگەیەنێت.

## دار تووەکەی بەرماڵان

ئازیز کچێکی تەمەن دە ساڵە، کە دوژمن لە گوندەکەیان چووە دەرەوە، زۆر دڵخۆشبوو، چونکە بینی خۆی و دایك و باوکی سەلامەتن، بەڵام کە بینی ئەوان دڵتەنگن سەرسام بوو!! پرسیاری لێکردن:

ـ ئێوە بۆ غەمبارن ؟! خۆ دوژمن ڕۆشت و هیچ زیانمان لێنەکەوت. ؟!

باوکی وەڵامی دایەوە: ئاخر کچی خۆم دار تووەکەی بەر ماڵانیان بڕی.

ئازیز پرسـی: بەڵام ئەو دار تووە خۆ موڵکی ئێمە نەبوو، ئیدی بۆچ بۆی بە پەرۆش بین؟

باوکی وەڵامی دایەوە: نا کچـی خۆم نا.. ئەم دارەو دارەکانی تریش هی هەموو خەڵکی گوندەکەمانن.. بەری خۆش و سێبەری شیرین و چەندین سوودی تریان بە هەموو خەڵکی ئاوایی بەخشـیوە، هەربۆیە دەبێت، ئێمەش هەموومان بۆیان پەرۆش بین و پارێزگارییان لێبکەین.. ئەگینا ئەمجارە دوژمن دێتەوە کانیاوەکانیش کوێر دەکاتەوە، ئەو کاتە لە بێ ئاویدا ژیانمان دەفەوتێت، دەی دەبێت بڵێین کانیش هی ئێمە نییەو پارێزگاری لێناکەین؟!

ئازیز گوتی: ئێستا تێگەیشتم.. درەختەکانی ئاوایی.. کانی و بنکەی تەندروستی و قوتابخانەو هەموو شتەکانی تریش، کە لە گوندەکەمانن، هی هەموومانن، دەبێت هەموومان پارێزگارییان لێبکەین.

## کەس لە پڕێ نابتە کوڕێ

(ئەحمەد) یەك لەو مندالانە بوو، کە کاری دەکرد.. مامۆستا (شازاد) کە بەم شێوەیەی دەدیت، بۆی غەمبار دەبوو، چونکە خوێندنەکەی دەفەوتێ و ئیشێ دەکا، ئەو ئیشە هی تەمەنی ئەو نییە! لەبەرئەوە، چوو قسەی لەگەڵ براگەورەی ئەحمەد کردو قەناعەتی پێکرد، بینێرێتە قوتابخانە، بۆ ئەوەی، ئەحمەدیش وەکو منالانی تر، لە خوێندن بێبەش نەبێت.

بەم شێوەیە ئەحمەدی هەشت ساڵە بووە قوتابی.. دوای ساڵێك کۆشش فێری نووسینی ناوی خۆی، خوێندنەوەی هەندێ وشەو دەستەواژەی سادە بوو.. ئەمە بە لای مامۆستاکەی شتێکی زۆر باش بوو، بەلاّم بە لای ئەحمەدەوە نرخێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە کە خۆی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی تری بەراورد دەکرد، کە لە پۆلەکانی پێنج و شەش بوون، وایدەزانی ئەوەی خۆی زۆر کەمەو ناتوانێت بگاتە ئەوان، لەبەر ئەوە ساردبوویەوەو لە ساڵی نوێدا، نەگەڕایەوە قوتابخانە.

مامۆستا (شازاد) ئەوەی پێناخۆشبوو، زۆری هاندا کە ئەوەی ساڵی پێشوو فێری بووە، کەم نییەو ساڵ بە ساڵ زیاتر فێردەبێت، تا دەبێتە خوێندەوارێکی گەورە.. بەلاّم (ئەحمەد) بڕوای نەکرد، سوور بوو لەسەر ئەوەی چیتر نەگەڕێتەوە قوتابخانەو بۆ خۆی وەکو جاران ئیش بکات.

مامۆ ستا ( شازاد)، زانی (ئەحمەد) بە ئا سانی ناگەڕێتەوە بەر خوێندن، بۆیە پێی گوت:

ـــــ باشە رۆڵە من لە ماڵەکەی خۆمدا ژوورێك دروست دەکەم، تۆش وەرە لە هەندێ کاری ئاساندا یارمەتیم بدە.

(ئەحمەد) ڕازی بوو، بۆ بەیانی چووە ماڵی مامۆستا، بینی وەستایەك و سێ کرێکار کاردەکەن، ئەم ڕۆژە تا ئێوارە کەمێکی دیواری ژوورەکەیان بەرزکردەوە، بەڵام بۆ بەیانی و دوو بەیانی دیوارەکەیان تەواوکرد.. وەستاو کرێکارەکان ڕۆشتن و مامۆستا (شازاد)یش ڕووی لە (ئەحمەد) کرد:

ـــــ کوڕی خۆم.. یەکەم ڕۆژ کە هاتی لەو بڕوایە بووی، بەم شـێوەیە دیواری ژوورەکە تەواو بێت؟!

(ئەحمەد) وەڵامی دایەوە: نەخێر.

مامۆستا پرسی: ئەدی چۆن تەواو بوو؟!

(ئەحمەد) وەڵامی دایەوە: وەسـتاکە خشـت خشـت هێنانی بە ڕێکی لەسـەر یەکی دانان، تا گەیشتینە ئێستا، دیوارەکەی تەواو کرد.

مامۆسـتا گوتی: دە ئاوایە کوڕی خۆم.. خوێندنیش وەکو دیوارەکە وەهایە.. ئەگەر قوتابی هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامیدا، هەرچەندەی هەنگاوەکانی بچوکیش بن، بەڵام سـەرەنجام دەبێتە خوێندەوارێکی گەورەو بە ئاواتەکانی دەگات، هەر بۆیە باو باپیرانی کوردیش گوتویانە: (کەس لە پرێ نابتە کوڕێ).

(ئەحمەد) بیری کردەوە، ڕا ستی قـ سەکانی مامۆ ستاکەی بۆ دەرکەوت.. بۆیە سوپا سی مامۆ ستای کرد، لە سەر ئەو هەموو دڵسۆزییەی لە بۆی، بڕیاریشیدا بەیانی بگەڕێتەوە قوتابخانە.

# هاوڕێیــــەتی

(نــەوزاد) منــداڵێکی ئــازابوو، بۆیــە زۆر لــەوە وەڕس بوو، کــە دەیبینی (ئەحمەد)ی هاوڕێی لای منداڵان خۆشــەویســـتەو هەمیشــە قوتابیان لە دەوری کۆدەبنەوە.. کەچی خۆی وا نییە، منداڵان لێی ڕادەکەن و کەسیان یاری لەگەڵدا ناکەن!! لەبەر ئەوە ڕقی زۆری لە (ئەحمەد) هەڵســـاو بڕیاریدا ئازاری بدات.. ئەوەبوو، بۆ بەیانی ڕێی بە (ئەحمەد) گرت و لێی پرسی:

ـــــ پێم ناڵێی لەگەڵ ئەم هەموو ئازاییەی من، منداڵان بۆ لە من ڕادەکەن؟! کەچـــی تۆ وەکو منیش نیت، ئینجا هەموویان بە دەورت کۆ دەبنەوەو یاریت لەگەڵدا دەکەن!!

(ئەحمەد) وەڵامی دایەوە:

ـ برای خۆم (نەوزاد).. ئەمە لەبەر ئەوەی تۆ بەو ئازاییەت ئازاری هاوڕێکانت دەدەیت.. کە باش وایە یارمەتییان بدەیت، گەر بینیت یەکێکیان کێشـــەیەکی هەیە بۆی چـارەســەر بکەیت، هەرچـی منیشـم دەنا هیچـم بۆ نەکردوون، هەر ئەوەندەیە خۆم بە دڵ سۆزی هەموویان دەزانم، ئەگەر یەکێکیان پێوی ستییەکیان هەبوو، بە دەمیانەوە دەچم.. بۆیە ئەوانیش لێم نزیك دەبنەوەو خۆشیان دەوێم.

(نەوزاد) ئەم قســەیەی بە لاوە جوان بوو.. بۆیە بڕیاریدا لەمەولا ئەویش نەك هەر ئازاری هاوڕێکانی نەدات، بەڵکو یارمەتییان بدات.. ئەوەبوو، بۆ بەیانی کە بەرەو قوتابخانە دەهات، بینی ســەگێك لە چــەقی ڕێگادا وەســتاوەو چــەند

هاوڕێیەکی لە ترسی سەگەکە، ناوێرن تێپەڕن.. (نەوزاد) ئەمەی بە هەڵزانی، یەکسەر بە سۆزەوە بۆ ئەو هاوڕێیانەی هات و پێی گوتن:

ـ بووەستن ئێستا ئەم سەگەتان بۆ دوور دەخەمەوە.

دوای ئەمە هێرشی بۆ سەگەکە هێناو ڕێگاکەی پێ چۆڵکرد.. هاوڕێکانی بەمە ترسەکەیان ڕەویەوەو بە ئاسانی بەرەو قوتابخانەکەیان هاتن.. بۆیە هەموویان سوپاسیان کردو خۆشەویستی خۆیان لە بۆی دەربڕی.

(نەوزاد) بەمە هەستی بە خۆشییەکی زۆر کرد.. ڕاستی قسەکەی (ئەحمەد)ی بۆ دەرکەوت!! بۆیە پێی گوتن:

ـ هاوڕێکانم.. ئەگەر تا ئێستا ئازارم دابن، ببوورن.. بەڵام لەمەولا هەمووتانم خۆشدەوێت و یارمەتیتان دەدەم.

هاوڕێکانیشی ئەم هەڵوێستەی (نەوزاد)یان یەکجار پێ خۆشبوو!! بۆیە دەستیان خستە نێو دەستی و بۆ یەکەجار بڕیاریاندا، کە لەمەولا بە خۆشی و شادییەوە لەگەڵی بکەونە یاریکردن!

## پارەی دۆزراوە

لە کاتێکدا چرۆ بەرەو قوتابخانە دەهات، لە ڕێگادا پێنج دیناری دۆزیەوە، بەمە دڵخۆش بوو، بڕیاریدا، بەو پارەیە ئەو ملوانکەیە بکڕێت، کە دەمێك بوو حەزی لێی بوو.

پاش کەمێك لە قوتابخانە چاوی بە ئازیزی دەستە خوشکی کەوت، ئازیز بە غەمبارییەوە لێی پرسی:

ـ چرۆ.. پێنج دینارت نەدۆزیتەوە؟

چـــرۆ ویســـتی بڵێ: با.. بەڵام کە بیری کردەوە، ئەگەر بە ڕاســـتی وەڵامی بداتەوە، دەبێ پێنج دینارەکەی بداتەوە، بەمەش حەزەکەی لەبار دەچـــێت و ناتوانێت ملوانکەکە بکڕێت.. بۆیە وەڵامی دایەوە: نەخێر. پارەکەشـــی زیاتر شاردەوە.

پاش ئەوە مامۆستا هاتە ژوور، ئەویش ڕووی ئامۆژگاری لە قوتابیان کرد:

ـــــ کچە خۆشەویستەکانم.. ئازیزی هاوڕێتان پێنج دیناری ونکدووە، ئەوەی دۆزیتیەوە با بیداتەوە، دەنا ئەو پارەیە، کە هی ئازیزە بۆ یەکێکە دیکە سوودی نابێت. بەڵکو زیانی پێدەگەینێت!!

بەڵام چـــرۆ بەمەش دڵی نەرم نەبوو، ئەمجارەش حاشـــای کردو پارەکەی هەر نەدایەوە ئازیز، بەڵکو شـــاردییەوەو وای پیشـــان نەدا کە پارەشـــی دۆزیبێتەوە، هەموو ئەوەش هەر بۆ ئەوەی وەکو گوتمان، حەزەکەی وەدی بێنێت و ملوانکەکە بۆ خۆی بکڕێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، حەزەکەی ئەویش وەدی نەهات، چونکە کە گەڕایەوە ماڵ، دیتی پێنج دینارەکە لە لای ئەویش نەماوەو لێی کەوتووە!! بەمەش چرۆ زۆر غەمبار بوو، بۆی دەرکەوت، کە مامۆ ستاکەی ڕا ستی گوت: پارەکە هی یەکێکی تر بوو، بۆیە ئەو ســوودی لێنەدیت.. لەبەر ئەوە پەشــیمان بوویەوەو بڕیاریدا ئەگەر پارەکە بدۆزێتەوە بیداتەوە ئازیزو جارێکی دیکەش کاری بەم شێوەیە نەکات.

## هەوڵدان

ئەحمەد منداڵێکی وریایە، لە قوتابخانەدا زیرەکەو، هەمیشـــــە بە یەکەم دەردەچـــێت، بۆیە هەمووان خۆشـــیان دەوێت و بەمەش بەردەوام ئاســـوودەو دڵخۆشە.

لەپڕ ڕۆژێکیان ئەحمەد بە غەمباری گەڕایەوە ماڵ.. بێ ئەوەی جلەکانی بگۆڕێ و بێ ئەوەی وەکو ڕۆژانی پێ شوو پەلاماری چێ شتە خۆ شەکانی دایکی بدات، چـــووە ژوورەکەی خۆی و دەرگای لەســـەر خۆی داخســـت.. ماوەیەکی پێچوو، هەر نەهاتە دەر، ئەمە سەرنجی دایکی ڕاکێشا!! ترسا کوڕەکەی شتێکی بەسەر هاتبێت!! بۆیە بە سۆزەوە بەدوایدا هات و لێی پرسی:

ـ ئەحمەد گیان.. ئازیزم بۆ بێتاقەتی؟

ئەحمەد وەڵامی نەدایەوە.. بەڵام دایکی پرســیارەکەی لێ دووبارەو ســێ بارە کردەوەو زۆری پێدا گوت، تا بە قســەی خۆش هێنایە قســەکردن، ئیتر وەڵامی دایکی دایەوەو پێیی گوت:

ـــــــ ئەمڕۆ نەمزانی یاری تۆپێن بکەم، بۆیە قوتابییەکان گاڵتەیان پێکردم، ئەوەش منی بێتاقەت کرد، چـــونکە لەبەر چـــاوی ئەوان شـــکامەوە، بۆیە من نامەوێت تازە برادەرەکانم ببینم و چیتر ناچمەوە قوتابخانە.

دایکی کە ئەمەی بیست، لە غەمی کوڕەکەی گەیشت، بۆیە بە زەردەخەنەوە پێی گوت:

ـ نا کوڕی خۆم نا.. ئەوەی شتێك نەزانێت، بۆی بە نەنگی ناژمێردرێت، بەڵام نەنگی ئەوەیە بە هۆی ئەو نەزانینەی وازبێنێت و هەوڵی فێربوون نەدات. بەڵام

تۆ کوڕێکی ژیری، وەرە هەوڵبدە خۆت بە باشـــی فێری یاری بکە، ئەوســـا دەبیەیتەوە، برادەرەکانیشـــت نەك هەر گاڵتەت پێناکەن، بەڵکو چـەپڵەشــت بۆ لێدەدەن.

ئەحمەد بەوە ورەی بە بەردا هاتەوە، لە دایکی پرسی:

- یانی دەتوانم فێری یاری ببم؟!

دایکی وەڵامی دایەوە:

ـــــ ئەدی چۆن کوڕی خۆم، کەس لە زگی دایکی هیچ نازانیٚ و هەموو کەس دەبیٚ هەوڵبدات، ئینجا فێری هەر شتێك دەبێت کە مەبەستیەتی.

ئەحمەد بەو قسانەی دایکی دڵخۆشبوو، ڕاپەڕی جلەکانی گۆڕی و نانی خوارد، پاش ئەوە چەند ڕۆژێك کەوتە مەشق کردن، تا وای لێهات فێری یارییەکی جوان بوو، بۆیە کە ئەمجارە وانەی وەرزش هاتەپێش، یارییەکی زۆر جوانی کرد، ســەرەنجام بە گۆلەکەی خۆی بووە هۆی بردنەوەی خۆی و دۆســتەکانی، بەمەش هەمووانی سەرسام کردو، ئافەرین و پیرۆزباییان لێکرد.

ئەویش دڵخۆ شبوو، گەڕایەوە سوپا سی دایکی کرد، چونکە بۆی دەرکەوت، قسەکانی دایکی ڕاست بوون، ئەوەی هەوڵبدات دەتوانێت سەربکەوێت.

## پاشەکەوت کردن

ئازیزو چرۆ دە ستەخو شکی یەکتر بوون، بەیانیان، کە دەهاتنە قوتابخانە، هەر یەکەو لە ماڵەوە دوو هەزار دیناریان وەردەگرت.. ئازیز هەزاردیناری خەرج دەکرد، هەزار دینارەکەی تری دەخســتە ناو ئەو ســندوقەی، کە بۆ پاشــەکەوت

کردن، باوکی بۆی کڕی بوو..چــرۆش هەردوو هەزار دینارەکانی خەرج دەکردن و هیچی پاشەکەوت نەدەکرد.

دایکی چرۆ ئامۆژگاری چرۆی کچی دەکرد، کە چاو لە ئازیزی دەستەخوشکی بکات، وەکو ئەو ڕۆژانە هەزار دینار پا شەکەوت بکات.. بەڵام چرۆ نەیدەتوانی ئەوە بکات، بۆیە بە قســەی دایکی نەدەکرد، وایدەزانی پاشــەکەوتکردنەکەی ئازیز بێ بایەخە.

بەم شــێوەیە ســاڵی خوێندن تەواو بوو، ئازیز ســندوقەکەی هەڵپچــڕی، بە پارەکەی دەســتیێ جلی جوانی کڕی، بەڵام چــرۆ هیچــی پاشــەکەوت نەکردبوو، باوکیشــی هەژار کەوتبوو، ئەو پارەیەی بە دەســتەوە نەمابوو بتوانێ جلی نوێی هاوینەی بۆ بکڕێت، بۆیە وەکو ئازیز بە جلی نوێ شـــاد نەبوو.. بەم هۆیەش پەشــــیمان بوویەوە، ئەویش بڕیاریدا لەمەولا بڕێك لە ڕۆژانەکەی پاشــــەکەوت بکات.

## خۆزگـــــــە

ئازاد و هیوا بۆ یاریکردن دوای نیوەڕۆیەك لە ماڵ هاتنە دەر.. لە ڕێگا ئازاد گیزدانێکی بچـــوکی پڕ لـــە پـــارەی دۆزیـــەوە، هیوا داوای لێکرد بـــە دوای خاوەنەکەیدا بگەڕێن و بیداتەوە.. بەڵام ئازاد گوێی لێنەگرت و گوتی: (بۆ خۆمی خەرج دەکەم).

لەسەر ئەمە هیوا تورەبوو و جیابووەوە، ئازادیش بەرەو بازاڕ هات، هەندێکی بە خواردن و شتی خۆش دا، ئەوەندەی تریشی کە زۆربەی بوو، پاش کەمێك گەڕان، بینی لە گیرفانی نەماوە، نەیزانی چی لێهاتووەو لە کوێ ونیکردووە؟!

بەم هۆیەش بە دڵساردی گەڕایەوە ماڵ.. کەچی بینی، ماڵەوەشیان هەموو غەمبارن، دایکی بە غەمبارییەوە ڕووی تێکردو پێی گوت:

ــــ باوکت مووچەی ئەو مانگەی لە نێو گیزدانێکی ڕەشی بچووك ناوەو، ونی کردووە، ئەوەش واتا ئەو مانگە ناتوانین ئەو پا سکیلەت بۆ بکڕین، کە وادەمان پێت دابوو، جگە لەوەش هیچمان بە دەستەوە نابێت، بیکەینە خەرجیش.

بەم قسانە کسپە لە دڵی ئازادەوە هات، بۆی دەرکەوت ئەو گیزدانەی دۆزیتیەوە هی باوکی بووە.بۆیە پەشیمان بوویەوە، خۆزگەی خواست، بە قسەی هیوای بکردبووایە، بەڵام تازە هیچی بۆ نەدەکراو ئەو مانگەیان زۆر بە ناخۆشی بەسەربرد.